DOI:https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.12

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایڵ (MOJO) لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا

## (توێژینەوەیەکی ڕووپێویی مەیدانییە)

پ ی د. شێرکۆ جەبار محمد

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی- بەشی تەکنیکی میدیا

د. هەژار محمد جەلال

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی- بەشی تەکنیکی میدیا

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ زانینی ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایڵی زیرەك وەك تەکنەلۆژیایەکی حەتمیی سەردەمییانە و، ئاشکراکردنی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنەلۆجیا مۆدێرنە لە کاری میدیایی دا، لە لایەن ڕۆژنامەنوسان لە دامەزراوەکانی ماس میدیای جەماوەریی لە هەرێمی کوردستان دا. توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی ڕووپێویکردنی بەکارهێناوە بۆ دەستکەوتنی داتاکان و شیکردنەوەیان بە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسیی، لە (٥٠) بەرتوێژی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران لە دامەزراوە میدیاییە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستان. گرنگترین دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە: پێگە ئەلکترۆنیەکانی دیجیتاڵ میدیا بە بەراوورد بە کەناڵە ئاسمانییەکان بە ڕێژەیەکی بەرزتر مۆبۆجۆرناڵ بەکاردەهێنن لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی دا.

**کلیلە وشەکان: ڕۆژنامەگەری مۆبایڵ، مۆبایلی زیرەك، ناوەڕۆکی میدیایی، میدیای کۆنباو، میدیای دیجیتاڵیی.**

Recieved: 14/9/2021
Accepted: 27/11/2021

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی:

ڕەوشی میدیا لە دەیەی دووەمی هەزارەی سێیەمدا، وەرچەرخانی سەرەکیی بەخۆوە بینییوە، بە شێوەیەکی بەرچاو سوودی لە کۆمەڵێ نوێکاریی سەردەمییانەی سەرسووڕهێنەری لە بواری تەکنەلۆژیای نوێ وەرگرتووە. ئەم گەشەسەندنە خێرایانە میدیای کلاسیکیی ناچار دەکات کە لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوامەکان خۆی بگونجێنێ و، پەرە بە شێوازەکانی کارکردنی بدات لە سەروبەندی جیهانێکی بگۆڕ و، هەڵتۆقین و گەشەسەندن و پێشکەوتنی سەرسووڕهێنەری زانیارییەکان.

دەرکەوتنی مۆبایلی زیرەك (Smartphones) بە هاوشانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و تۆڕەکانی ئینتەرنێتی بێتەل (WI-FI)، ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە هێنانەکایەی گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە پیشە و کاری ڕۆژنامەوانی دا. بەڵام ئێستا مۆبایلی زیرەك تەنها ئامێرێکی بەکاربەری هەواڵەکان نیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بووتە ناوەندێکی بچووکراوەی میدیایی بۆ میدیاکاران.

لەم ساڵانەی دواییدا، ڕۆژنامەگەری مۆبایل یان (MOJO)، کە کورتکراوەی چەمکی (Journalism Mobile) ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە پێشخستنی توانستەکانی میدیاکارانی کارامە و، هاووڵاتی ڕۆژنامەنووس لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی کاری میدیایی لە گۆڕەپانی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا، ئەمە سەرباری ڕۆڵبینین لە پاڵپشتیکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و مافی گەیشتن بە زانیارییەکاندا. لەبەر ئەو هۆکارانە ڕۆژنامەگەری مۆبایل بە مۆدێلێکی نوێگەرییانەی پێشەنگ لە کاری میدیایی هەژماردەکرێت؛ چونکە ئامادەیی مۆبایلی زیرەك لە بەردەستی میدیاکاراندا، توانیوویەتی ڕووداوە گەورە و گەرما و گەرمەکان، لە کات و ساتێکی گونجاو و لە کەشوهەوایەکی لەبارتر ڕووماڵ بکرێن.

لە پێودانی ڕاستییەکانی ئەم بازدانە جۆرایەتییەی بواری پیشەی میدیایی و، ئامرازەکان و ئامێرە تەکنەلۆژیاییە ئەلیکترۆنییەکان لە کۆسیستەمی پرۆسەی میدیایی و گەیاندندا بە گشتی، لە بەدواداچوونی ڕووداوەکان و بە دیکۆمێنتکردنیان بە خێراییەکی کەم وێنە لە ناردن و پەیوەندییکردن بەو ئامرازانە لە سەردەمی ئێستاماندا، بووە بە حەتمییەتی هاوژینییکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ داچوڕە جۆراوجۆرەکانی ئەم ئامراز و کەرەستە نوێگەرییانەی بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیارییەکان لە تەواوی ژیانی ڕۆژانەماندا. مۆبایلی زیرەك (smart phone) وەك یەکێك لەو ئامرازانەی پرۆسەی کۆمنیوکەیشن بە تایبەتمەندێتیە تەکنیکیی و ئەپڵیکەیشنەکانی و، پاشان بەرفراوانیی لە سادە بەکارهێناندا، کۆمەڵێ پرسیاری لە هزری توێژەران و ئەکادیمیایانی بواری میدیاو زانستی کۆمنیوکەیشن بەجێهێشتووە، وەك: ئایا سرووشتی پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل و کاری ڕۆژنامەوانان چییە؟ ئایە مەودای ڕۆڵبینینی موبایلی زیرەک (smartphone) لە دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەکان و ناوەڕۆکی کاری میدیایی چۆن و چەندە؟ ئایا ڕێکارەکان و شێوە و ناوەڕۆکی ئەم ڕۆڵبینینە چۆنە؟ کۆمەڵێ پرسیاری دیکەش لەم توێژینەوەدا جێگەی تێبینیکردن و تێڕمانی بنەماکانی توێژینەوەی زانستین بۆ کێشە و تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە لە بارەی ڕۆژنامەگەری مۆبایل و ئاستی بەکارهێنانی لە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەران لە پێوەدانی درککردن بە گرنگییدان بە توێژینەوە لە بارەی ڕۆژنامەگەری مۆبایل و ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا، هەوڵیانداوە لە چوارچێوەیەکی میتۆدیی و زانستییانەدا بزانرێت بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەری مۆبایل لە لایەن میدیاکاران و دامەزراوە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە چ ئاستێکدایە؟

**یەكەم: كێشەی توێژینەوە:**

ئامێری (Smartphones) بە یەكێك لە ئامرازە سەرسوورهێنەرەكانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆكی میدیایی هەژماردەكرێ و لە سەرتاسەری جیهاندا میدیاكاران بۆ ئەنجامدانی سازاندن و پەخشكردن و بڵاوكردنەوەی ڕاستەوخۆی هەواڵ و ڕاپۆرت و بەرهەمهێنانی فیلمی دۆكیۆمێنتاری بەكاری دەهێنن. بۆیە ڕۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) ڕێگەیەكی كاركردنی نوێی ئامرازەكانی ماس میدیای جەماوەرییەو میدیاكاران بۆ هەڵسوڕانی ئەم كارە نوێیە بەردەوام لە مەشق و ڕاهێناندان بۆ ئەوەی بە تەواوی سەربەخۆبن لە كۆت وبەندی میدیای كۆنباودا.

لەم پێوەدانگەوە تێبینیكردنی زانستی توێژەران بۆ كێشەی ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی گرتووە كە بریتیە: لە زانینی ئاستی بەكارهێنانی ڕۆژنامەگەری مۆبایلی زیرەك وەك تەكنەلۆژیایەكی حەتمی نوێگەری لە لایەن میدیاكاران لە هەرێمی كوردستاندا و ئاشكراكردنی پاڵنەرەكانی بەكارهێنانی ئەم جۆرە نوێیەی كاری میدیایی لە لایەن میدیاكارانەوە.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی تیۆریی و پراكتیكی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی باسكردن و تاوتوێكردنی ئاستی بەكارهێنانی رۆژنامەگەری مۆبایل لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆكی میدیایی لە هەرێمی كوردستاندا سەرچاوەی گرتووە، وەك:

١- یەكەمین توێژینەوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستاندا كە تاوتوێی نوێترین تەكنەلۆژیای میدیا و گەیاندن دەكات.

٢- ئەم توێژینەوەیە بابەتێكی نوێی بواری زانستی كۆمنیوكەیشن و میدیا دەخاتەڕوو لە سەر ئاستی كوردستان و وولاتانی هەرێمایەتی و هەوڵی ئاشكراكردنی چییەتیی چەمك و جیهانبینی ڕۆژنامەگەری مۆبایل ئەدات وەك ئایندەو ئەڵتەرناتیڤی كاری میدیایی.

٣- گرنگی زانینی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری مۆبایل لە سازاندنی (تێكست، وێنە، دەنگ)و پەخش و بڵاوكردنەوەی هەواڵ و ستۆری و فیلمی دۆكیۆمینتاری لە دامەزراوە میدیاییەكانی هەرێمی كوردستاندا.

٤- ئەم توێژینەوەیە گرنگی دانە بە توێژینەوە وەسفی و مەیدانیەكان، كە زیاتر بایەخ دەدات بە بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای گەیاندن و میدیا بە گشتی و ژینگە ئەلیكترۆنی یە نوێیەكانی وەك (Smartphones) بە تایبەتی.

**سێیەم: ئامانجەكانی توێژینەوە:**

ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە بە چوار ئامانجی سەرەكی دیاریكراوە بەم شێوەی خوارەوە:

١- زانینی ئاستی بەكارهێنانی ڕۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) لەلایەن میدیاكاران و دامەزراوە میدیاییەكانی هەرێمی كوردستان بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆكی میدیایی.

٢- ئاشكراكردنی جۆرەكانی خزمەتگوزاری رۆژنامەگەری مۆبایل كە لە لایەن میدیاكارانەوە بە كارئەهێنرێن.

٣- زانینی جۆری بەرهەمهێنانی هونەرەكانی ڕۆژنامەوانی كە بەرێگەی ڕۆژنامەگەری مۆبایل لە لایەن میدیاكاران بەكار دەهێنرێن.

٤- زانینی گیروگرفتەكانی بەكارهێنانی ڕۆژنامەگەری مۆبایل وەك تەكنەلۆژیایەكی حەتمی سەردەمیانە لەلایەن میدیاكارانی هەرێمی كوردستانەوە.

**چوارەم: پرسیارەكانی توێژینەوە:**

بـه مەبەسـتی شـیکاریکردنی کێشـەی سـەرەکی توێژینەوەکـە، چەنـد پرسـیارێکی زانسـتی دەستنیشـان کـراون، توێـژەران هەوڵیانـداوە لـە دەرەنجامـی شـیکاریکردنی داتاکانـی توێژینەوەکـە وەڵامەکانیـان دەسـت کەوێـت، کـە بریتین لـەم پرسـیارانەی خـوارەوە:

١- تـا چ ئاسـتێك میدیـاکاران و دامـەزراوە میدیاییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا رۆژنامەگـەری مۆبایـل (MOJO) بـە مەبەسـتی بەرهەمهێنانـی ناوەرۆکـی میدیایـی بـەکار ئەهێنـن؟

٢- چەنـد جـۆر لـە خزمەتگوزاریەکانـی رۆژنامەگـەری مۆبایل(سـازاندنی دەق، وێنـە، دەنـگ، پەخـش و بڵاوکردنـەوە) لەلایـەن میدیـاکاران هەرێمـی کوردسـتان بـەکار ئەهێنرێـن؟

٣- لــە چ بوارێکــی هونــەری ڕۆژنامەوانیــی دا، میدیاکارانــی دامەزراوەکانــی راگەیانــدن رۆژنامەگــەری مۆبایــل بەکاردەهێنــن؟

٤- ئـەو گیروگرفتانـە چیـن کـە دووچـاری میدیـاکاران دەبنەوە لـە کاتـی بەکارهێنانـی (Smartphones) بـۆ بەرهەمهێنانی ناوەرۆکـی میدیاییدا؟

**پێنجەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر:**

توێــژەران لــەم توێژینەوەیــەدا کۆمەڵــێ توێژینــەوەی زانســتی پێشــووتری تایبــەت بــە ناوەڕۆکــی بابەتــی ئــەم توێژینــەوەی ئێســتا تاوتوێکــردوە کــە پەیوەســتن بــە کێشــە و شــێوازو و میتۆدنامــە و ئامــرازە بەکارهاتــووەکان لــە کۆکردنــەوەی داتــاو زانیاریەکانــدا، توێژینەوەکانــی پێشــووتر بریتیــن لــە کۆمەڵــێ ئەدەبیــات و بنچــاوەی جیهانــی و هەرێمایەتـی، توێـژەران گرنگترینیانـی هەڵبـژاردوە کـە زیاتـر سـوودیان بـۆ ئامادەکردنـی ئـەم توێژنـەوەی ئێسـتا هەیـە کـە لەگـەڵ چەمـک و بگۆڕەکانـی توێژینەوەکـە هاوبەشـن.

توێژینـەوەی سـناء یوسـف محمـد (٢٠١٨) بـە ناونیشـانی: صحافـة المحمـول وانعکاسـاتها عـلى الممارسـة الاعلامیة(سـناء یوسـف،٢٠١٨).

لـەم توێژینەوەیـەدا توێـژەر هەوڵـی داوە لـە باسـکردنی رۆژنامەگـەری مۆبایـل و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر کـردەی میدیایـی چەنـد ئامانجێـك وەدیبهێنێـت، کـە گرنگترینیـان: ناسـاندنی رۆژنامەگـەری مۆبایلـی زیرەکـەو ئاسـتی بەکارهێنانـی وەك جۆرێکـی رۆژنامەگـەری مۆدێـرن و هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی سـوود وەرگرتنـی میدیاکارانـی عەرەبـی لـە تواناکانـی رۆژنامەگـەری مۆبایـل لەکاتـی بەکارهێنـان لـە رووماڵکردنـی رووداوەکانـدا. لـەم توێژینـەوە مەیدانییـەدا رۆژنامەوانـان و میدیاکارانـی وڵاتـی ئیماراتـی عەرەبـی وەك سـامپڵی توێژینـەوە بـە شـێوازی هەڕەمەکـی ئەنقەسـتی نارێکخـراو هەڵبـژاردوە لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ٢٠١٥ بـۆ ٢٠١٧ کـە ژمارەیـان ٨٠ بەرتوێـژە لـە هـەردوو رەگـەزی نێـرو مـێ. ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی وەسـفیەو هـەردوو رێبـازی وەسـفی شـیکاریی و رێبـازی مێژوویـی بەکارهێنـاوە.

گرنگتریـن دەرەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە کـە توێـژەر پێیگەیشـتووە بریتیـە لـە:

رۆژنامەگەر مۆبایل رۆڵێکی ئەرێنی هەیە لە پەرەپێدانی ئەدای میدیاکاران لە راپەڕاندنی ئەرکی رۆژنامەوانیدا.

زۆرتریـن بەکارهێنەرانـی رۆژنامەگـەری مۆبایلـی زیـرەك لـە نێـو میدیـاکاران دا توێـژی گەنجانـن کـە تەمەنیـان لـە نێـوان ٢٥ بـۆ ٣٥ سـاڵە.

لـە دەرەنجامەکانـی توێژینـەوە دەرکـەوت کـە رۆژنامەگـەری مۆبایـل جێگـەو پێگـەی رۆڵـی ئامرازەکانـی میدیـای کۆنبـاوی لاوازکـردووەو لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا کۆنترۆڵـی تەکەنەلۆژیـای کەرتـی میدیـا دەکات.

توێژینـەوەی عبـوب محمـد الأمـین (٢٠١٨) بـە ناونیشـانی: اسـتخدامات تطبیقـات البـث المبـاشر عـبر المحمـول وتأثیراتها

علی الآداء الاعلامي للمؤسسات السمعية البصرية -تطبيق بيريسكوب نموذجا(عبوب الامين.٢٠١٨).

لەم توێژینەوەدا توێژەر هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی ئاپڵیکەیشنەکانی پەخشی راستەوخۆ بە رێگەی مالتیمیدیای مۆبایلی زیرەك (Smart Phone) بە گشتی ئاشکرا بکات، بە تایبەتیش چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییە لە کاری میدیایی پرۆفیشنالیدا لە دامەزراوەکانی میدیای بینراو بیستراودا. پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەوەیە بریتیە لە: کاریگەرێتیەکانی بەکارهێنانی ئاپڵیکەیشنەکانی پەخشی راستەوخۆ بەرێگەی مۆبایلی زیرەك لەسەر بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی لە دامەزراوەکانی بیستن و بینین چین؟ ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاشکراکردنی ئاسەواری ئەرێنی و نەرێنی لە دەرەنجامی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی پەخشی راستەوخۆ بەرێگەی مۆبایلی زیرەك لەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی ماترياڵە میدیاییەکاندا.

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی لەم توێژینەوەدا توێژەر پێیگەیشتوە بریتیە لە:

ئاپڵیکەیشنەکانی پەخشی راستەوخۆ بەرێگەی مۆبایلی زیرەك هەلی گەورەو فراو دەستەبەر دەکات لە پێناو گوزارشتکردنی ئازادانەی کاری میدیایی و گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بە هەموو وردەکارییەکانی و جیاوازی گۆشەکانی رووداوەکان بەبێ چەواشەکردن یان پەرت بوون یان لایەنداریبوون. ئەمەش بەهۆی ئازادی پەخش و فرە ڕەهەندەکانی ئەم خزمەتگوزارییە فەراهەم کراوە.

یەکێك لە کاریگەرە نەرێنیەکانی بەکارهێنانی ئاپڵیکەیشنی پەخشی راستەوخۆ بەرێگەی مۆبایلی زیرەك لەسەر ناوەڕۆکی میدیایی بریتیە لە رووداني سەرپێچی زارەکی و نا مۆراڵی ئاخاوتن یان گرتەی توندوتیژی لە کاتی پەخشی ڕاستەوخۆدا.

توێژینەوەی Jackie &Adrian (٢٠١٧) بەناونیشانی: Jackie (Adrian& (٢٠١٧,Mobile phones and the news.

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی مۆبایلی زیرەك و بەکارهێنانی لە بواری هەواڵسازیدا کردوە بە وەرگرتنی سێ سامپڵ لە کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکانی شانشینی بەریتانیا، بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی ناخنشیکاری. توێژەر لەم توێژینەوەدا گەیشتوە بە کۆمەڵێ دەرەنجام، کە گرنگترینیان بریتیە لە:

گرنگی مۆبایلی زیرەك لە پەرەپێدانی هەواڵنامەی تەلەفیزیۆنیدا لە بەرەنجامی بەربڵاوی ئاستی ڕووماڵی روداوەکان.

دەرەنجامی توێژینەوەکە دووپاتی کردۆتەوە کە هەر سێ کەناڵی سامپڵی توێژینەوە گرتەی ڤیدیۆیی مۆبایلی زیرەکیان بەکارهێناوە لە رووماڵکردنی رووداوە مەیدانیەکاندا لە لایەن پەیامنێرانەوە.

توێژینەوەکە ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە سەرباری گرنگی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لە رووماڵکردنی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەیان، هێشتا بەکارهێنانی بە بەراوورد لەگەڵ تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی کۆنباودا لاوازە.

توێژینەوەی عبیر الرحباني (٢٠١٦) بەناونیشانی: استخدامات الإعلام الجديد وانعكاساته على الصحف الورقية اليومية في الاردن- صحافه الموبايل (الرحباني،٢٠١٦).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناساندنی رەنگدانەوەکانی رۆژنامەگەری مۆبایل لەسەر رۆژنامەگەری کاغەزی و چۆنییەتی بەکارهێنانی رۆژنامەگەری مۆبایل «MOJO» لە لایەن رۆژنامەنووسانی ئەردەنی و پاڵنەرەکانی بەرکەوتن بەو ئامرازە نوێیەی بواری میدیاو ناساندنی تایبەتمەندێتیەکان و رەنگدانەوەکانی. توێژەر لەم توێژینەوەیدا میتۆدنامەی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیە لەو رۆژنامەنووسانەی کە لە بواری سازاندنی هەواڵ کار دەکەن لە کۆمەڵێ دامەزراوەی میدیایی لە وڵاتی ئەردەن. گرنگترین ئەو

دەرەنجامانـەی کـە توێـژەر پێیگەیشـتوە لـەم توێژینـەوەدا بریتیـە لـە:
ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل بـە پلـەی یەکـەم هاتـووە وەك باشـترین ئامـرازی میدیـا بەمەبەسـتی دەسـتکەوتنی هـەواڵ و زانیـاری لـە لایـەن میدیاکارانـەوە.
پاڵنـەری میدیـاکاران لـە بەرکەوتنیـان بـە ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل بـە پلـەی یەکـەم پاڵنەرێکـی سـوودخوازیی پیشـەییانەیە، چونکـە میدیـاکاران ڕۆژانـە بەمەبەسـتی بەدواداچوونـی هـەواڵ و بڵاوکردنـەوەو نوێبوونـەوەی هـەواڵ بـەکاری دەهێنـن.
لـە توێژینەوەکـەدا هاتـووە ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل کاریگەرییەکـی نەرێنـی لەسـەر زمانـی عەرەبـی و لەسـەر جـۆری هەڵسـوکەوتی بەکاربەرانـی ڕۆژنامـە و داهاتـی ڕۆژنامـەی کاغـەزی لـە وڵاتـی ئـەردەن بەجێهێشـتووە.
شەشەم: تێبینیەکان و ئاستی سوود وەرگرتنی توێژەر لە توێژینەوەکانی پێشوودا:

لـە دەرەنجامـی ڕووپێویکـردن و بەدواداچوونـی وردی توێـژەران بـۆ توێژینەوەکانـی پێشـووتر، کـە پەیوەندییـان بـە بگـۆڕی سـەرەکی و سـەربەخۆی توێژینـەوەی ئێسـتاوە هەیـە، کـە ئـەوەش بریتیـە لـە بگـۆڕی (ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل)، دەرکـەوت کـە: توێژینەوەکانـی پێشـوو لـە خسـتنەڕووی زانسـتی کێشـە و ئامانجەکانیـان جیـاوازن لەگـەڵ توێژینـەوەی ئێسـتادا. بـۆ نموونـە توێژینـەوەی (Adrian Hadland ٢٠١٧) تاوتوێـی هەواڵنامـەی تەلەفیزیۆنـی کـردوە کـە بەرێگـەی مۆبایلـی زیرەکـەوە پەخشـدەکرێ، پاشـان توێژینـەوەی (سـناء یوسـف ٢٠١٨) تاوتوێـی ئاسـتی کاریگەرێتـی ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل دەکات لەسـەر کـردەی میدیایـی و ڕێـژەی ئاسـتی بەکارهێنانـی تاوتـوێ نەکـردوە، هەروەهـا توێژینـەوەی (عبـوب محمـد الامیـن ٢٠١٨) بـە هەمـان شـێوەی توێژینـەوەی پێشـووتر، تاوتوێـی کاریگەرێتـی مۆبایلـی زیـرەك دەکات لەسـەر ئـەداو کـردەی میدیایـی بـەڵام لـە ڕووی یـەك خزمەتگوزارییـەوە کـە ئـەوەش خزمەتگـوزاری ئاپڵیکەیشـنی پەخشـی ڕاسـتەوخۆی پێرسـکۆپە Periscope، ئـەوەی پەیوەنـدی بـە توێژینـەوەی (عبیـر الرحبـاني ٢٠١٦) وە هەیـە تاوتوێکردنـی ئاسـتی بەکارهێنانـی ڕۆژنامەگـەری مۆبایلـە لەسـەر ڕۆژنامـەی کاغـەزەی لـە وڵاتـی ئـەردەن، بـێ ئـەوەی ئامـاژە بـە چۆنێتـی بەرهەمهێنانـی ناوەڕۆکـی میدیایـی بـدات لـە لایـەن میدیاکارانـەوە.
خاڵـی هاوبەشـی توێژینـەوەی ئێسـتا لەگـەڵ توێژینەوەکانـی پێشـووتردا بریتیـە لـە کـە زۆربـەی توێژینەوەکانـی پێشـوو جـۆری توێژینـەوەی وەسـفیان بەکارهێنـاوە لەگـەڵ بەکارهێنانـی میتـۆدی ڕووپێـوی، جـا چ وەك ڕووپێـوی ناخنشـیکاری بێـت یـان ڕووپێویـی ڕاپرسـینامەی جەمـاوەر. کـە لـەم ڕووەوە توێـژەران توانیویانـە سـوود لـە چوارچێـوەی میتـۆدی توێژینـەوەکان ببیـن.
توێژەران لە چەند لایەنێکەوە سوودیان لە توێژینەوەکانی پێشووتر وەرگرتووە وەك:
داڕشتنی میتۆدی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان و داڕشتنی فۆرمی ڕاپرسی نامە.
سـوود وەرگرتـن لـە چوارچێـوەی تیۆریـی توێژینەوەکانـی پێشـووتر بـە تایبەتـی لـە بـارەی پەرەسـەندنی مێژوویـی مۆبایلـی زیـرەك.
سـوود وەرگرتـن لـە پێشکەشـکردنی تێڕوانینـی نـوێ بـۆ تایبەتمەندێتیەکانـی ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل بەرێگـەی زانینـی تایبەتمەندێتیەکانـی سـمارت فـۆن.
**حەوتەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە:**
چەمکی ڕۆژنامەگەری مۆبایل Mobile Journalism:

ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل بـەوە پێناسـە کـراوە کـە: فۆڕمێکـە لـە فۆڕمەکانـی ئامـرازی میدیـای نـوێ، کـە تایبەتـە بـە گێڕانـەوەی چیرۆکـە هـەواڵ و ڕوومالکردنـی ڕووداوەکان بەڕێگـەی بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیـرەك Smart Phone یـان ئامێـری تابلێـت Tabletیـان فابلێـت Phablet لـە پێنـاو کۆکردنـەوەو سـازاندن (ئامادەکـردن- وێنەگرتـن- دەرهێنـان-

مۆنتاژکـردن) و بڵاوکردنـەوەی هەواڵ(فتحـي شـمس الديـن, ٢٠١٨,ص٩٠). رۆژنامەگـەری مۆبایـل لـە ئەدەبیاتـی کاری رۆژنامەگـەری رۆژئاواییـدا بـە مۆجـۆ (MOJO) ناسـێنراوە کـە کورتکـراوەی چەمکـی مۆبایـل جۆرناليزمـە Mobile (Richardson((Journalism,٢٠١٢.

قوتابخانـەی رۆژنامەوانـی مانچسـتەر لـە بەریتانیـا پێناسـەی رۆژنامەگـەری مۆبایلـی کـردوە کـە «بەکارهێنانـی ئامێـری گوازراوەیـە (مۆبایـل- تابلێـت) لـە لایـەن میدیاکارانـەوە ، بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی هـەواڵ و بڵاوکردنـەوەی بـۆ بەکارهێنەرانـی، جـا چ رووماڵـەکان بـۆ خـاوەن رۆژنامـە کاغەزییـە لۆکاڵیـەکان بێـت، یـان بـۆ کەناڵـە ئاسـمانیەکان بێـت، وەلـێ رۆژنامەگـەری مۆبایـل ئەمـڕۆ بووەتـە ئامرازێکـی بنچینەیـی لـە پەخشـکردنی هەواڵدا(الرحبانـی، سـەرچاوەی پێشـوو،ل٩٢).

لـە پێناسـەی تـۆڕی دامـەزراوەی جەزیـرەی میدیایـی قەتـەری بـۆ رۆژنامەگـەری مۆبایـل هاتـووە کـە «کۆکردنـەوەو بڵاوکردنـەوەی هەواڵـە بەرێگـەی بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیـرەك یـان ئامێـری کۆمپیوتـەری تەختـی (تابلێـت)، کـە ئاراستەیەکی نـوێ یـە لـە رووماڵکـردن و پەخشـکردنی هەواڵـداو وا پێشـبینی دەکرێـت ببێـت بـە جۆرێکـی بـاو لـە کاری رۆژنامەگەریدا(لاریا،مرعـي،ttps://institute.aljazeera.net).

لـە ئەمـڕودا، لێکدانـەوە و گفتوگۆیەکـی گـەرم وگـوڕ لـە بـارەی چەمکـی رۆژنامەگـەری مۆبایلـدا لـە ئارادایـە، چ لـە رووی تیـۆری و پراکتیکیـدا، پاسـاوی ئـەم گفتوگـۆ و لێکدانەوەیـە ئەگەرێتـەوە بـۆ نوێگـەری و مۆدرێنـی ئەزموونـی رۆژنامەگـەری مۆبایـل، چونکـە تـا ئێسـتا دیـدگاو تێڕوانیـن لـە بـارەی رۆژنامەگـەری مۆبایلـەوە تـەم و مژاوییـە و پێویسـتی بـە توێژینـەوە و تاوتوێکردنـی زانسـتی زیاتـر هەیـە لـە بـواری تیۆرییـدا، پاشـان لـە بـواری پراکتیکیـدا پێویسـتە زیاتـر کـردەی مەیدانـی لـەو بـوارە ئەنجـام بدرێـت، وەلـێ دارشـتنەوەی چەمکەکـە مەرجـدارە بـە گرنگـی وپێداویسـتی دۆخـی ئەزموونکـردن و بەکارهێنـان. بۆیـە هەندێـك لـە شـارەزایانی بـواری میدیـا و گەیانـدن، پێیـان وایـە هێشـتا زووە بـۆ ئـەوەی رۆژنامەگـەری مۆبایـل وەکـو چەمکێکـی زانسـتی بـواری میدیـا و گەیانـدن بناسـێنین تاوەکـو سـیما و تایبەتمەندیـەکانی لـە بـواری واقیـع دا روون نەبێتـەوە.

یەکێـك لـە لایەنگرانـی ئـەم رەوتـە (جـاد سـیلفکا Judd Slivka) پرۆفسـیۆری میدیایـی لـە زانکـۆی میسـۆری وڵاتـە یەکگرتوەکانـی ئەمریـکا بـە بۆچوونـی ئـەو ئەزموونـی رۆژنامەگـەری مۆبایـل پێویسـتی بـە کاتـی زیاتـرە بـۆ ئـەوەی تێڕوانیـن لـە بارەیـەوە روونـتر بێـت بەمەبەسـتی یەکلاکردنـەوەی چەمکـە زانسـتیەکەی (Slivka, https://ajr.org,٢٠١٤).

یەکەمیـن توێژینـەوەی زانسـتی کـە تاوتوێـی رۆژنامەگـەری مۆبایلـی باسـکردووەو گرنگـی بـە پێناسـەی چەمکەکـەی داوە، هـەردوو توێـژەری بـواری راگەیانـدن «سـتیڤن کوین و ئیڤۆ بـرۆم Ivo Burum& Stephen Quinn لـە کتێبەکەیاندا بـە نـاوی «Mobile Journalism MOJO » وەهـا پێناسـەی دەکـەن «کـە فۆرمێکـی داهێنەرانـەی نوێیـە لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی چیرۆکـە هـەواڵ و گێڕانـەوەی رووداوەکان بـە بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیـرەك کـە زیاتـر شـکڵ وشـێوازی فایـل ڤیدیـۆ یـان راپۆرتـی دەنگـی یـان نمایشـی وێنـە SLIDSHOW لەگـەڵ تێکسـدا، بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ لـە شـوێنی رووداوەکان دەگوازرێنـەوە بـە بەکارهێنانـی تۆڕەکانـی ئینتەرنێـت»( .(Burum & Quinn, ٢٠١٦, P١٢

کەواتـە لـە دەرەنجامـی خسـتنەرووی فـرە ئاراسـتەی شـارەزایانی بـواری میدیـا و گەیانـدن لـە بـارەی چەمکـی رۆژنامەگـەری مۆبایلـدا، ئـەوەی لای توێـژەران تێبینـی دەکـرێ لـەم توێژینەوەیـەدا ئەوەیـە کـە داهێنانـی رۆژنامەگـەری مۆبایـل چ وەك وەکـو چەمـك و چ وەکـو کـردەی کاری میدیایـی، دیاردەیەکـی نامـۆ نیـە، چونکـە بـەردەوام پێشـکەوتن و

گەشەسەندنی خێراو بە پەلەی تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر کارو پیشەی رۆژنامەوانی بەجێدەهێڵێ، رۆژنامەگەری مۆبایلیش یەکێکە لە بەرهەم و دەرهاویشتەکانی ئەم کاریگەرێتیە، کە لە دەرەنجامی ئاوێتەبوونی تەکنەلۆژیای ئامێرە زیرەکەکان و شارەزایی کەڵەکەبووی بواری میدیای بیستن و بینیندا، هاتۆتە نێو جیهانبینی نوێی کاری رۆژنامەوانی یەوە.

## تایبەتمەندێتیەکانی رۆژنامەگەری مۆبایل:

تایبەتمەندێتیەکانی رۆژنامەگەری مۆبایل لە ژینگەی دیجیتاڵیدا هەڵهێنجراوە، وەك فۆرمێك لە فۆرمەکانی میدیای نوێ کە زیاتر پەیوەستە بە تایبەتمەندێتیەکانی ئەنتەرنێت و سەرباری هەندێ تایبەتمەندێتی دیکە کە لە خودی ئامرازەکانی ئامێرە زیرەکەکان هەڵهێنجراوە و رەهەندێکی تەکنیکی پێ بەخشیون. ئەم ئاوێتەبوونە (تەکنیکی - رۆژنامەوانی) خەسڵەت و تایبەتمەندێتی بەخشیوە بە رۆژنامەگەری مۆبایل و هاوکاری یارمەتیدەری هەلی گەشەسەندن و بڵاوبونەوەی رۆژنامەگەری مۆبایلە لە ساڵانی داهاتوودا (ساند سعيد،٢٠١٦،ل٩٢). گرنگترین ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندێتیانە بریتیە لە(سعد محمد،٢٠١٤،:https://elsirsaad.wordpress.com):

رۆژنامەگەری مۆبایل، رۆژنامەگەرییەکی گوازراوە و جوڵەدارە: لە یەککاتدا ناوەڕۆکی میدیایی بەرهەمهدەهێنرێ و پەخشدەکرێت بەڕێگەی بەکارهێنانی ئامێری زیرەك لە شوێنی رووداوەکاندا لە هەر کونج و کاتێکی ئەم دونیایەدا بێت بە مەرجی دەستەبەربوونی خزمەتگوزاری بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

رۆژنامەگەرییەکە لەسەر داخوازی بەکارهێنەرە: لە هەر کات و سات و شوێنێکدا بێت، بەکارهێنەر دەتوانێ خوێنەرو بیسەرو بینەری رۆژنامەگەری مۆبایل بێت بەمەرجێ خزمەتگوزاری ئینتەرنێت دەستەبەر کراوبێت.

رۆژنامەگەرییەکی خێرایە لە بڵاوکردنەوەدا: ئەمەش لە دەرەنجامی پشتبەستن و سوود وەرگرتن لە تایبەتمەندیچتیەکانی ماڵتی میدیای سمارت فۆن لە خێرایی ناردن و خستنەرووردا.

رۆژنامەگەرییەکی خێرایە لە بەرهەم هێناندا: بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی لە رۆژنامەگەری مۆبایلدا کاتی زۆری ناوێت، بەتایبەتی لە کاتی پەخشکردنی رووداوە راستەوخۆکاندا.

رۆژنامەگەری سەکۆ و کەناڵە: سەرباری ئەوەی رۆژنامەگەری مۆبایل سەکۆیەکی ئەلکترۆنیەو خوێنەر سوود لە خوێندنەوەی ناوەڕۆکە بڵاوکراوەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت دەبینێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئامێرە زیرەکەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن میدیاکاران و دامەزراوە میدیاییەکان بەکارهێنراوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان. ئەم ئامرازە فرە رێگەی بڵاوکردنەوە فەراهەم دەکات وەك: تێکستە نامە SMS، دەنگە نامە Voice Message، ڤیدیۆ، فۆتۆ.

سادەو ساکاری لە بەکارهێنان: رۆژنامەگەری مۆبایل پێویستی بە کارڕاپکردن و هەنگاوی ئاڵۆز نی یە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرە زیرەکەکان، ئەمەش وەهای کردووە بەکارهێنانی سادە و ئاسان بکات، بە تایبەتی لە دوای راگەیاندنی هەردوو خزمەتگوزاری سیم کاردی «سناب دراگۆن Snapdragon ٨٣٥ و میدیا تێك Helio X٣٠» کە بەرزترین داتای مامەڵەی وورد لە سمارت فۆن لەخۆ دەگرێ، واتە هێزی پرۆگرامسازی لە کۆمپیوتەر بەهێزترە.

کارتێکردن لە کاتی راستەقینەی رووداوی رووداوەکە: ئامرازی رۆژنامەگەری مۆبایل گواستنەوەی راستەوخۆ بۆ رووداوەکان و کارتێکردنی راستەوخۆو هاوکات بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکات.

توانستی ئەرشیفکردن و سەیڤکردن: رۆژنامەگەری مۆبایل بە رێگەی کارد میمۆری قەبارە گەورەی سەیڤکردن کە

دەگاتە تێرابایت (واتە ترلیۆن بایت)، توانای ئەرشیفکردن و هەڵگرتنی ماتریاڵی بێ شوماری لە وێنەو دەنگ و ڤیدیۆ و تێکستدا بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم کردوە (لاریا، مرعي، سەرچاوەی پێشوو، ل٤).

ئەمە سەرباری ئەو تایبەتمەندێتیانەی کە هاوچەشن و هاوبەشن لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی میدیای نوێ لە میدیای ئەلکترۆنی یان رۆژنامەوانی ئینتەرنێتدا، وەك: تایبەتمەندێتی فرە ئامراز (ماڵتی میدیا)، بەشداریکردن و کارتێکردن، توانای کۆنترۆڵکردن لە بارودۆخی بەرکەوتندا، نوێگەریی دەستبەجێ و بەردەوام، تایبەتمەندێتی کەسی، سنووری کراوە، دینامیکی لە مامەڵەکردندا، ئەرشیفکردن، پاشەکەوتی کات و کۆشش و دارایی.

## جۆرەکانی رۆژنامەگەری مۆبایل:

«ریما ماروش Rima Marrouch» توێژەری میدیا و گەیاندنی دیجیتاڵی لە پەیمانگای رۆژنامەگەری رۆیتەرز، جۆرەکانی رۆژنامەگەری مۆبایل لەسەر ئاستی بەکارهێناندا، بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات .https://reutersinstitute. Marrouch politics.ox.ac.uk/risj,٢٠١٤)).

أ- ئامرازێکی بەدواداچوونە: کاتێك لە لایەن جەماوەرەوە وەك ئامراز یان وەك سەکۆیەکی ئەلکترۆنی بەکار دەهێنرێت بەمەبەستی بەدواداچوونی ناوەرۆکی رۆژنامەگەری و ماتریاڵی میدیایی.

ب- ئامرازێکی بەشداریکردنە: کاتێك لە لایەن جەماوەرەوە (هاوولاتی رۆژنامەوان) وەك ئامرازێك بەمەبەستی بەشداریکردن لە دروستکردن و ئاڵوگۆڕکردنی هەواڵ بەکار دەهێنرێت، لە رێگەی سەکۆ ئەلکترۆنیەکان یان ئاپلیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك یان پێگەکانی ئامرازەکانی میدیا.

ج- ئامرازێکی کۆکردنەوە و سازاندنی داتاکانە: کاتێك لە لایەن خودی میدیاکارانی پرۆفیشناڵەوە بەکار دەهێنرێت وەك ئامرازێکی خێرا لە کۆکردنەوە و سازاندنی زانیاری و داتاکان و وێنەگرتنی فۆتۆ و ڤیدیۆ و بەرهەمهێنانی ماتریاڵی میدیایی و بڵاوکردنەوەی راستەوخۆ لەسەر پێگە ئەلکترۆنیەکان یان ناردنی بۆ دامەزراوەکانی راگەیاندنی کۆنباودا.

## پرۆفیشناڵێتی رۆژنامەگەری مۆبایل:

رۆژنامەگەری مۆبایل کۆمەڵێ سەلیقەیی و کارزانی دەوێت، لێرەدا بەچەند خالێك دەیخەینە روو( لاریا، مرعي،سەرچاوەی پێشوو،ل٦):

پێویستی فێربوون لە چۆنییەتی پلاندانان بۆ ئەو چیرۆکە هەواڵانەی کە مەبەستە بە ئامێری سمارت فۆن بەرهەم بهێنرێت، هەمان رێکار لەسەر فێربوونی بەکارهێنانی پەخشی راستەوخۆ بەرێگەی سمارت فۆن پێویستە. بەهەمان شێوەی چۆنییەتی پلاندانان بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێکی تەلەفیزیۆنی، پێویستە میدیاکارانی رۆژنامەگەری مۆبایل پێش دەرچوون بۆ شوێنی وێنەگرتن، پێشوەخت پلان بۆ چۆنییەتی بەرهەمهێنانی چیرۆکە هەواڵەکان دارشتبێت، بۆیە پێویستە بە پەرۆشەوە تێکستی بەهێزو گونجاو بۆ وێنەی چیرۆکە هەواڵەکان بنوسرێت.

پێویستی فێربوونی وێنەگرتن و مۆنتاژکردنی ڤیدۆیی بە ئامێری سمارت فۆن، ئەمەش کۆمەڵێ کارزانیی لە میدیاکار دەخوازێت وەک:

ئامادەکردنی ماتریاڵی هەواڵی بە نەفەسێکی خێراتر بە بەراوورد لەگەڵ راپۆرتە هەواڵیە کۆنباوەکان. چونکە میدیاکاری پرۆفیشناڵی مۆبایل، دەستبەجێ وێنەگرتن و هەواڵسازان ئەنجام ئەدات.

پرۆفیشناڵی رۆژنامەنووس لە بەکارهێنانی کامێرای ئامێرە زیرەکەکان.

بەکارهێنانی پرۆگرامی گونجاو لە مۆنتاژکردنی دەنگ و وێنە و ئیفێکتەکانی بەستەر و گواستنەوە لە نێوان

گرتەکانــدا.

فێربوونی باشترین کرداری وێنەگرتنی وەستان بەرامبەر کامێرا و چاوپێکەوتنەکان.

ج خۆگونجانـدن لەگـەڵ ماڵتـی میدیـا و سـکرینی هەمەجـۆر و توانـای بەرهەمهێنانـی ناوەڕۆکـی میدیایـی کـە لەگـەڵ هەمـوو جـۆرە سـکرینێك شـیاو بێـت. چونکـە جەمـاوەری وەرگـری ئـەم سـەردەمە، بـە تـاك شـێواز و تاکـە ئامـرازی میدیـا، خزمەتگـوزاری هـەواڵ بـەکار ناهێنێـت، بەڵکـو لـە کاتێکـی کورتـدا جۆرەهـا ئامـرازی ئەلکترۆنـی گەیانـدن بـەکار دەهێنێـت.

ح- پێویسـتە میدیـاکارانی رۆژنامەگـەری مۆبایـل هەمیشـە لـە ئامادەباشـیدا بێـت بـۆ خۆگونجانـدن و پشتبەسـتن بـە گۆڕانکارییـە خێـراو بـە پەلـەکان لـە ژینگـەی تەکنەلۆژیـای مۆبایلـی زیرەکـدا.

## ٥- ئاپڵیکەیشنەکانی رۆژنامەگەری مۆبایل:

لـەم سـەردەمەدا، رۆژنامەنـوس و میدیـاکاری پرۆفیشـناڵ لـە توانایـدا هەیـە رۆماڵـی رۆژنامەگـەری بـۆ رووداوەکان و ناوەڕۆکـی میدیایـی بـە شـێوەیەکی پیشـەییانە و بـە تەکنیکـی نوێگـەری بەرێگـەی ئامێـرە زیرەکـەکان (مۆبایـل و تابلێـت و فابلێـت) بەرهەمبهێنێـت. لـە سایەی ئـەو ئاپڵیکەیشـنانەی کـە تایبەتمەدێتـی جۆراوجۆریـان دەسـتەبەر کـردوەو ئەکرێ لـە رووماڵـی رۆژنامەگـەری و بەرهەمهێنانـی ناوەڕۆکـی میدیایـی دیجیتاڵـی تەوزیف بکرێن(سـناء محمـد،٢٠١٧،ل١٨٢).

لێـرەدا توێـژەران کۆمەڵـێ ئاپڵیکەیشـنی دیـارو بەرچـاو کـە لـە بـواری رۆژنامەگـەری مۆبایلـدا بـەکار دەهێنرێـت دەخەنــەڕوو:

أ- ئاپڵیکەیشـنەکانی وێنەگرتـن و مۆنتاجکردنـی فۆتۆگرافـی و Still Photo(إسـماعیل عـزام ،.https://institute.aljazeera net ):

کامێـرا + + Camera: ئاپڵیکەیشـنی فۆتۆگرافـی تایبـەت بـە سیسـتمی ئایفۆنـەو کۆمپانیـای ئەپـڵ دایهێنـاوە بەمەبەسـتی وێنەگرتنـی فۆتۆگرافـی بـە بەررزترینـ کۆلیتـی.

ئەدەۆبـی فۆتۆشـۆپ Adobe Photoshop Express: کەرەسـتە سـەرەکیەکانی مۆنتاجکردنـی وێنـەی فۆتۆگرافـی لـە خـۆ دەگـرێ، بـۆ هـەردوو سیسـتمی ئایفـۆن IOS و ئەندرۆیـد Android بـەرکارە، سیفەتی سـادەو سـکاری لـە بەکارهێنـان هەیـەو پاشـان لەگـەڵ هەمـوو فایلـە هەمەجـۆرەکان گونجـاوەو پشـت بـە فـرە بـژاردە دەبەسـتێت بـۆ بەشـداریکردن.

ب- ئاپڵیکەیشنەکانی وێنەگرتن و مۆنتاجکردنی ڤیدیۆیی ((Glen Mulcanhy, ٢٠١٦, https://www.thinglink.com: گرنگترینیان بریتیە لە ئاپەکانی:

ڤایکلـۆن Vyclone: ئـەم ئاپـە تایبەتمەندێتـی نـاوازە فەراهـەم دەکات بـە بـەراوورد لەگـەڵ ئاپەکانـی دیکـەی وێنەگرتـن و مۆنتاجکردنـدا، لـە توانایـدا هەیـە مۆنتـاج بـۆ چـوار کامێـرای وێنەگرتـن هەیـە لـە هەمـان کات و لـە هەمـان ناوچـەی جیـاوازو لـە گۆشـەی جیـاوازدا. لـە یـەك کاتـدا بـۆ ئەنجامدانـی دیمانـەو چاوپێکەوتـن لـە گـەڵ کەسـانی جۆراوجـۆر بـەکار دەهێنرێـت، یـان وێنەگرتنـی رووداوێـك لـە چەنـد گۆشـەیەکی جیـاوازدا.

ئاپڵیکەیشـنی ئـای موڤـی iMovie: ئاپێکـی تایبـەت بـە مۆنتاجکردنـی ڤیدیۆییـە، بـۆ سیسـتمی مۆبایلـی ئایفـۆن IOS بـەرکارە، مۆنتاجـی گرتـەو دیمەنـی فایـل ڤیدیـۆو راپۆرتـە هەواڵـەکان دەکات و لەگـەڵ پرۆگرامـی Movie for Mac هاوناسـەیە. توانـای مۆنتاجکردنـی ڤیدیۆیـی هەیـە بـە کوالیتـی ٤K لەسـەر هـەردوو جـۆری ئامیـری زیرەکـی ئایفـۆن

و ئایپاد پرۆ. ئەم ئاپە بەشداریکردنی فایل ڤیدیۆ بە ڕێگەی ئیمەیڵی ئەلکترۆنی و یوتیوب و فەیسبوك و ڤیمیۆو ئای کلاود درایڤ و ئێر درۆپ فەراهەم دەکات بە کوالیتی 4K یان ۱۰۸۰P٦۰. جگە لەم ئاپە گرنگە، ئاپڵیکەیشنی دیکەی مۆنتاجکردنی ڤیدیۆیی بەرکارە، وەك ئاپەکانی: ستودیۆ بیناکل Pinnacle Studio بۆ سیستمی IOS، وی ڤیدیۆ WeVideo بۆ هەردوو سیستمی IOS و Android، کاین ماستەر KineMaster بۆ سیستمی ئەندرۆید.

ج- ئاپڵیکەیشنەکانی تۆمارکردن و مۆنتاجکردنی دەنگ (أحمد العطار, ۲۰۱۹, https://ijnet.org/ar/story)

## گرنگترینیان بریتیە لە ئاپەکانی:

IRig Recorder: باشترین ئاپی تۆمارکردن و راستکردنەوەی ئۆدیۆیە، بە هۆی لە خۆگرتنی کۆمەڵێ کەرەستەی پرۆفیشناڵی سادەو سانا لە بەکارهێنان، وەزیفەی تۆمارکردن و چارەسەرکردنی ئۆدیۆ جێبەجێدەکات، تایبەتمەندێتی تۆمارکردنی بەخۆڕایی تێیدا دەستەبەرکراوە.

Voice Recorder Pro: ریکۆردەری ئۆدیۆیە لەسەر سیستمی IOS، ئاپێکی پرۆفیشناڵە، ریکۆردی ئۆدیۆ لە گۆڕپانی رووماڵکردنی رووداوەکان دەستەبەر دەکات، ئەتوانێ بۆ کاتێکی نا دیاریکراو ریکۆرد بکات و بۆ جۆرێکی دیکەی خزمەتگوزاری بگوازێتەوە، هەروەها ئەتوانی فایلی ئۆدیۆ لە ئاپەکانی دیکە وەرگرێتەوە. هەروەها لە توانایدا هەیە تایبەتمەندێتیەکانی ID3V2 و داتا وەسفیەکان راستبکاتەوە.

د- ئاپڵیکەیشنەکانی رووماڵکردن بە بەکارهێنانی تێکست(بێ نووسەر، ۲۰۱۹، https://www.alarabiya.net/ technology):

## گرنگترینیان بریتیە لە ئاپەکانی:

ئاپی Think Free Office: گونجاوترین ئاپە بۆ سازاندنی چیرۆکە هەواڵ. ئەم ئاپە ۲۸ جۆری زمان لەخۆ دەگرێ لە مۆبایلی زیرەکداو بە توانایەکی بەرز کار دەکات لەسەر بەیەکەوەبەستنی ئاپەکانی مایکرۆسۆفت ئۆفیس لەگەڵ گۆگڵ ئاپسدا.

ئاپی La Writer: ئاسانترین ئاپەکانی هەواڵسازییە لەسەر مۆبایلی زیرەکدا، لەسەر هەردوو سیستمی IOSو Android بەرکارە، بریتیە لە کۆمەڵێ قاڵب کە یارمەتیدەرە بۆ رێکخستن و دانسقەیی نووسین، فایلی تەواو بۆ بەکارهێنەر دەستەبەر دەکات بەمەبەستی پێداچونەوە بە سەرجەم لاپەڕە نووسراوەکاندا.

ئاپی Ever Note: گەورەترین تێبینی نووسی دەسبەجێ و خێرا، کە کۆمپانیای Ever note پەرەیپێداوە، نووسینی تێکست ، وێنەگرتن، داونلۆدی فایل، ئاڵوگۆڕکردنی فایل یان تێبینیەکان لەگەڵ بەکارهێنەرێکی دیکەدا بۆ رۆژنامەنووس دەستەبەر دەکات، سەرجەم داتاو زانیارییەکان لە هەژماری بەکارهێنەر سەیڤ دەکات ئەگەر مۆبایلەکەی یان ئایپادەکەی وون بکات.

هـ- ئاپڵیکەیشنەکانی پەخشی راستەوخۆ(أحمد العطار, ۲۰۲۱, https://ijnet.org/ar/story):

رووماڵی پەخشی راستەوخۆی رووداوەکان گرنگی خۆی لە تایبەتمەندی دەستبەجێی بڵاوکردنەوە دەبینێتەوە، سەرباری راستگۆیی لە گواستنەوەی زانیارییەکان لە گۆڕەپانی رووداوەکاندا. رۆژنامەنووسان دەتوانن رووماڵە رۆژنامەنووسیەکانیان راستەوخۆ لە گۆڕپانی رووداوەکان پەخش بکەن لە هەر شوێنێکدا بن بەرێگەی ژووری هەواڵەکاندا یان بەرێگەی پێگەکانی سۆشیال میدیا. لە گرنگترین ئاپڵیکەیشنەکانی ئەم بوارە:

ئاپی Report_IT_Live: ئەم ئاپە وەکو ستۆدیۆیەکی گەرۆک وایە، توانستی کارایی رووماڵە هەواڵیە فرە ئامرازەکان بۆ رۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی ئێزگەو تەلەفیزیۆنەکان دەستەبەر دەکات و راستەوخۆ پەخشیان

دەکات بـە کوالیتیەکـی بـەرزو لەگـەڵ توانـای تۆمارکردنـی رووماڵەکـە لـە هەمـان کاتـدا.

ئاپـی لایـڤ سـتریم live stream : هـەر دامەزراوەیەکـی میدیایـی کۆنبـاو دیجیتاڵـی دەتوانـێ بەرێگـەی ئاپـی لایـڤ سـتریم راسـتەوخۆ پەخشـی رووداوەکان بـکات بـە کوالیتـی HD، لەگـەڵ هـەردوو سیسـتمی IOSو Android کار دەکات، ئەمـەش بەرێگـەی جێگیرکردنـی ئاپەکـەو دروسـتکردنی هەژمارێکـی خۆڕایـی و چوونـە نێـو کەناڵـە تایبـەت بـە دامەزراوەکـە.

ئاپـی پێرسـکۆپ Periscope: ئاپـی پەخشـی راسـتەوخۆی پێرسـکۆپ بەرێگـەی ئینتەرنێـت لەسـەر هـەردوو سیسـتمی هـەردوو سیسـتمی IOSو Android مۆبایلـی زیـرەك کار دەکات لەگـەڵ تایبەتمەندێتـی دیاریکردنـی شـوێنی جوگرافـی. توانـای پەخشـی ئاپـی پێرسـکۆپ تەنهـا لەسـەر بـاری پۆرترێتـە (واتـە لەسـەر بـاری سـتوونی) لەگـەڵ هـەردوو تایبەتمەندێتـی توانـای پەخشـی تایبـەت و گشـتیداو توانـای سـەیڤکردنی خـۆکار لـە پەخشـی راسـتەوخۆداو لەگـەڵ توانـای کارپێکردنـی لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـری دوایـدا. بەشـداریکردنی تەنهـا لەسـەر پێگـەی تویتـەرە.

## بەکارهێنانی ئەم توێژینەوەی ئێستا لە چوارچێوەی تیۆریی رۆژنامەگەری مۆبایلدا:

خسـتەڕووی چوارچێـوەی تیۆریـی ئـەم توێژینەوەیـە پاسـاوێکی زانسـتیە بـۆ توێـژەران، تاوەکـو لەسـەر بنچینـەی ئـەو بنەمـا زانسـتی و پراکتیکیانـەی کەتایبەتـن بـە جیهانبینـی رۆژنامەگـەری مۆبایـل و لـە چوارچێـوەی کارڕاییەکانـی میتۆدنامـەی ئـەم توێژینەوەیـەدا، هـەوڵ بـدەن بگـەن بـە دەرەنجامـی ئامانجـی سـەرەکی توێژینەوەکـە کـە بریتیـە لـە ئاسـتی بەکارهێنانـی رۆژنامەگـەری مۆبایـل وەك بازدانێکـی جۆرایەتـی پەرەسـەندنی تەکنەلۆژیـای میدیـای نوێـی مۆدێـرن لـە بەرهەمهێنانـی ناوەڕۆکـی میدیایـی لـە ئەزموونـی کارو پیشـەی میدیـای لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، پاشـان وەدیهێنانـی ئامانجەکانـی دیکـەی وەک: دۆزینـەوە و ئاشـکراکردنی ئاسـتی سروشـتی پەیوەنـدی لـە نێـوان بەکارهێنانـی ئامێـری زیـرەك (سـمارت فـۆن) و کاری رۆژنامەوانیـدا، لەگـەڵ ئاسـتی سـنووری بەشـداریکردنی ئـەم تەکنەلۆژیـا نـوێ یـە لـە دەوڵەمەندکردنـی سـەرچاوە و ناوەڕۆکـی کاری میدیایـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا.

## هەشتەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوە:

جـۆری ئـەم توێژینەوەیـە سـەر بـە جـۆری توێژینـەوە وەسـفیەکان و شـیکارییەکان و لێکدانەوەکانـە کـە ئامانجـی هەوڵدانـە بـۆ زانینـی ئاسـتی بەکارهێنانـی رۆژنامەگـەری مۆبایلـی زیـرەك وەك تەکنەلۆژیایەکـی حەتمـی- نوێگـەری لـە لایـەن میدیـاکاران لـە هەرێمـی کوردسـتاندا. توێژینـەوە وەسـفیەکان ئـەو جـۆرە توێژینەوانـەن کـە ئامانجـی وێناکـردن و شـیکاریکردن و هەڵسـەنگاندنی تایبەتمەندێتیەکانـی کۆمەڵەیەکـی دیاریکـراو یـان هەڵوێسـتێکی دیاریکـراوی پەیوەسـت بـە سروشـتی دیاردەیـەك یـان هەڵوێسـتێك یـان کۆمەڵـێ بـارودۆخ بە مەبەسـتی وەدەسـتهێنانی زانیـاری پێویست(شـیماء ذوالفقـار, ٢٠٠٩, ل٨٩).

ئـەو میتـۆدەی لـەم توێژینـەوەدا بـەکار هاتـووە بریتیـە لـە میتـۆدی رووپێـوی « منهـج المسـح Survey Methodology» وەك شـێوازێکی گونجـاو بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی زانیـاری و خسـتنەڕووی روونـەکان لـە وێنایەکـدا ئەکـرێ سـوودی لـێ وەرگیرێ(محمـد عبدالحمیـد، ٢٠٠٨،ل١٦١). بەکارهێنـانی میتـۆدی رووپێـوی لـەم توێژینـەوەدا بریتیە لـە رووپێوکردنـی میدیاکارانـی هەرێمـی کوردسـتان بەمەبەسـتی زانینـی ئاسـتی بەکارهێنانـی رۆژنامەگـەری مۆبایلـی زیـرەك لـە هەرێمـی کوردسـتاندا.

نۆیەم: کارڕاییەکانی میتۆدی توێژینەوە:

### کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگـەی ئـەم توێژینەوەیـە کـە بـە ئامانجگیـراون، خـۆی دەبینێتـەوە لـەو بەرتوێژانـەی کـە توێژینەوەکـە لـە هەوڵـی تاوتوێکردنیـدان بـە مەبەسـتی بەدیهێنانـی دەرەنجامەکانـی توێژینـەوە، کـە بریتیـن لـەو میدیاکارانـەی کـە لـە دامـەزراوە جیاجیاکانـی ڕاگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا کار دەکـەن.

### سامپڵی توێژینەوە:

توێـژەران بەمەبەسـتی کارڕاییەکانـی سـامپڵی توێژینـەوە، پشـتیان بەسـتوە بـە جـۆری سـامپڵی پشـکگەری( Quota Sampling) لـە دەستنیشـانکردنی بەرتوێژانـدا، هەڵبژاردنـی بەرتوێـژەکان بـۆ هـەر پشـکێك بـە شـێوازی نـا ڕێکخـراو دەستنیشـانکراوە. ئـەم جـۆرە ڕێـکارە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی پشـت دەبەسـتێت بـە هەڵبژاردنـی بەرتوێـژەکان کـە نوێنەرایەتـی لـە چەنـد کۆمەڵەیەکـی جیـاوازی کۆمەڵگای توێژینـەوە دەکـەن (ذو الفقـار، شـیماء، ل٢٤٣). سـەرجەمی بەرتوێـژان پێکهاتـووە لـە (٥٠) بەرتوێـژ، بـە یەکسـانی دابەشـکراوە لـە نێـوان میدیاکارانـی دامـەزراوە میدیاییەکانـی هـەردوو کەناڵـی ئاسـمانی (Rudaw، GK) لەگـەڵ هـەر سـێ پێگـەی ئەلیکترۆنـی هەواڵیـی (Zhyan ،Xendan, Esta) بـە شـێوازی نـا هەڕەمەکـی. لـە مـاوەی یـەك مانگـدا ڕووماڵکـراوە، واتـە لـە نێـوان ٢٠٢٠/٢/١ تاوەکـو ٢٠٢٠/٣/١.

### ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان:

فۆڕمـی ڕاپرسـی یەکێکـە لـە ئامـرازە سـەرەکیەکانی کۆکردنـەوەی داتـاو زانیـاری لـە زانسـتە مرۆیـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا لـە چوارچێـوەی ڕووپێویکردنـی مەیدانـی کـە جەمـاوەر وەك بەرتوێـژێ توێژینـەوە تێیـدا وەردەگیـرێ بەمەبەسـتی ڕاپرسـیکردنی بیروبۆچوونەکانیـان لـە بـارەی زانینـی هەڵوێسـتەکانیان لەسـەر پرسـێك یـان ڕووداوێکـی دیاریکراودا(اللبـان, ٢٠٠٨,ل١١٢). فۆڕمـی ڕاپرسـینامە لـەم توێژینەوەیـەدا بـەکار هاتـووە بەمەبەسـتی ئاسـتی زانینـی بەکارهێنانـی ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل لـە لایـەن میدیـاکاران لـە هەرێمـی کوردسـتاندا و ئاشـکراکردنی لایەنـی ئەرێنـی و نەرێنـی بەکارهێنانـی ئـەو تەکنەلۆژیـا نوێیـە و لەگـەڵ ئـەو ئاڵنگاریيانـەی کـە ڕووبـەڕوی کارو پیشـەی میدیایـی دەبێتــەوە.

### ڕاستی و جێگیری توێژینەوە:

بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی ڕاسـتی و دروسـتی داتـاکان، توێـژەران فۆڕمـی ڕاپرسـینامەکەی پێشـکەش بـە کۆمەڵـێ هەڵسـەنگێنەری ئەکادیمـی لـە بـواری میدیـا کـرد، لەسـەر ڕۆشـنایی تێبینـی و ئامۆژگارییەکانـی هەڵسـەنگێنەران دووبارە بڕگەکانـی نێـو فۆڕمـی ڕاپرسـینامەکە هەموارکراوەتـەوە. پاشـان توێـژەران دروسـتی جێگیـری بـۆ بڕگـە و پێوەرەکانـی نێـو فۆڕمـی ڕاپرسـینامەکە بەڕێگـەی هاوکێشـەی (ئەلفـا کرونبـاخ) ئەنجامـداوە و بەهـای هاوکێشـەی جێگیـری بەدیهێنـاوە بـە ڕێـژەی ٩٢٪.

### دەیەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە:

ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل: مەبەسـت لـە چەمکـی ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل لـەم توێژینـەوەدا واتـە کاری میدیایـی بەڕێگـەی بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیـرەك Smart Phone و کۆمپیوتـەری تەختـی زیـرەك Tablets.

بەرهـەم هێنـان: بریتیـە لـە قاڵبێکـی دیاریکـراوی خزمەتگـوزاری هونەرەکانـی ڕۆژنامـەوانی لـە دەرەنجامـی کۆمەڵێـك بیرۆکـە و بڕیـار و ئامادەسـازی مرۆیـی و ئامـرازی تەکنەلۆجـی بـواری ڕەنـگ و دەنگـدا بەرهـەم ئەهێنرێـت، کـە لـە کۆتاییـدا دەبێتـە ماتریاڵێکـی میدیایـی لـە ڕێگـەی ئامرازەکانـی مـاس میدیـای جەماوەریـدا پەخـش و بـڵاو دەکرێنـەوە.

ناوەڕۆكی میدیایی: بریتیە لە كۆی ووشە و وێنە و دەنگ و فاكت و بیرۆكە، ناوەڕۆكی میدیایی لەم توێژینەوەدا بەكارهاتوە بۆ كۆی ئەو ماتریاڵە دەنگی و رەنگی و نووسراوانەی كە لە پێگە ئەلكترۆنییەكان و ئامرازەكانی ماس میدیای جەماوەری كۆنباودا پێشكەش دەكرێن.

یازدەیەم: دەرنجامی گشتی توێژینەوە:

تەوەری یەكەم: تایبەتمەندێتی كەسی سامپڵی توێژینەوە:

| تایبەتمەندی دیمۆگرافی رۆژنامەنووسان | | چەندبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| جۆر | نێر | 41 | 82 |
| | مێ | 9 | 18 |
| | كۆ | 50 | 100 |
| تەمەن | لە ٢٥ -١٨ساڵ | 7 | 14 |
| | لە٣٠ – ٢٦ ساڵ | 14 | 28 |
| | لە ٣٥ - ٣١ ساڵ | 15 | 30 |
| | لە ٥٠ – ٣٦ ساڵ | 12 | 24 |
| | ٥٠ ساڵ بەرەوژوور | 2 | 4 |
| | كۆ | 50 | 100 |
| ئاستی خوێندەواری | سەرەتایی | 1 | 2 |
| | ناوەندی | 3 | 6 |
| | ئامادەیی | 12 | 24 |
| | دبلۆم | 10 | 20 |
| | بكالۆریۆس | 24 | 48 |
| | كۆ | 50 | 100 |
| ئەزموونی كاركردن | كەمتر لە ساڵێك | 1 | 2 |
| | ١ ساڵ بۆ ٢ ساڵ | 10 | 20 |
| | ٢ ساڵ بۆ ٤ ساڵ | 9 | 18 |
| | زیاتر لە ٥ ساڵ | 30 | 60 |
| | كۆ | 50 | 100 |

خشتەی ژمارە (١) تایبەتمەندێتی كەسی رۆژنامەنووسان

لە ئەنجامی داتاكانی تایبەت بە زانیاری دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوە وەك لە خشتەی ژمارە ١ خراوەتەڕوو، لە تایبەتمەندێتی (جۆر) دا دەركەوتووە رێژەی میدیاكارانی (نێر) ٨١٪، پاشان رێژەی میدیاكاران (مێ) ١٨٪، ئەم ئاماژەیە، ئاست بەرزی رێژەی پیشەی كاری میدیایی لە بەرژەوەندی جۆری (نێر) لە دامەزراوەكانی میدیای كوردی دەردەخات. پاشان بەرزترین ئاستی تەمەنی میدیاكاران لە نێوان (٣١-٣٥)دایە و بەرێژەی ٣٠٪، پاشان بە پلەی دووەم تەمەنی نێوان (٢٦-٣٠) بە رێژەی ٢٨٪ هاتووە، كەمترین رێژەی تەمەنی میدیاكارانی سامپڵی توێژینەوەكە لە نێوان (٥٠ساڵ بەرەوژوور) بە رێژەی ٤٪ هاتووە.

لە تایبەتمەندێتیەكانی (تەمەن)دا روون دەبێتەوە كە توێژی گەنجان لە نێوان تەمەنی (٢٦-٣٥) زیاتر بواری كارو پیشەی میدیایی لە دامەزراوەكانی میدیای كوردی داگیركردوە، ئەم ئاماژەیە بۆخۆی ئاراستەیەكی ئەرێنیە كە توێژی گەنجان زیاتر لەگەڵ بەكارهێنانی تەكنەلۆژیاو ئاپڵیكەیشنەكانی سمارت فۆن و كۆمپیوتەر لە بەرهەمهێنانی

ناوەڕۆکـی میدیایـدا هەڵدەکـەن. سـەبارەت بـە (ئاسـتی خوێنـدەواری) بەرتوێـژان، بەرزتریـن ڕێـژە لـە بەرژەوەنـدی خـاوەن ئاسـتی (بەکالۆریۆسـە) بـە ڕێـژەی ٤٨٪، پاشـان ئاسـتی (دبلـۆم) بەرێـژەی ٢٠٪ بەپلـەی دووەم دێـت، کەمتریـن ئاسـتی خوێندنیـش بریتیـە لـە (سـەرەتایی) بەرێـژەی ٢٪. ئـەم ئاماژەیـەش ئاراسـتەیەکی ئەرێنییـە کـە زۆربـەی بەرتوێـژان خـاوەن ئاسـتی خوێندنـی بـەرزن، دەتوانـن بەشـێوەیەکی ئاسـان مامەڵـە لەگـەڵ تەکنەلۆژیـای گەیانـدن و ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر ژینگـەی کاری میدیایـدا دێـت. سـەبارەت بـە تایبەتمەندێتـی (ئەزموونـی کارکـردن) لـە داتـاکان دەرکەوتـووە کـە زۆرینـەی بەرتوێـژان بـە ڕێـژەی ٦٠٪ لـە ( ٥ سـاڵ زیاتـر ) ئەزموونـی کارکردنیـان هەیـە لـە دامەزراوەکانـی میدیـای کوردیـدا، پاشـان بەرێـژەی ٢٠٪ لـە (١ بـۆ ٢ سـاڵ) بەپلـەی دووەم دێـت و کەمتریـن ئەزموونـی کارکـردن (کەمـتر لـە سـاڵێکە) بەرێـژەی ٢٪ هاتـووە.

تەوەری دووەم: ئاستی بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەری مۆبایل (MOJO) لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا:

بەکارهێنانی ئامێری سمارت فۆن smartphones لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا.

خشتەی ژمارە (٢) ئاستی بەکارهێنانی ئامێری سمارت فۆن لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا

| دامەزراوەکان ئاستی بەکارهێنان | GK | | Rudaw | | Xandan | | Esta | | Zhyan | | بەهای کا٢ | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | % | چەندبارە | % | چەندبارە | % | چەندبارە | % | چەندبارە | % | | |
| بەردەوام بەکاری ئەهێنم | 1 | 10 | 1 | 10 | 3 | 30 | 5 | 50 | 7 | 70 | ٧,٠٥٦ | ٠,٠٠٧ |
| هەندێ جار بەکاری ئەهێنم | 4 | 40 | 5 | 50 | ٥ | ٥٠ | ٣ | 30 | 3 | 30 | | |
| زۆر بەدەگمەن بەکاری ئەهێنم | 3 | 30 | 2 | 20 | ١ | ١٠ | ٢ | ٢٠ | - | - | | |
| بەهیچ شێوەیەك بەکارم نەهێناوە | 2 | 20 | 2 | 20 | 1 | 10 | - | - | - | - | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | ٪٣٠ | | ٪٣٤ | | ٪٣٦ | | ٪٣٨ | | ٪٥٨ | | | |

پشتبەسـتن بـە هاوکێشـەی ناوەنـدی ژمێرەیـی بەمەبەسـتی دەسـتکەوتنی بەرزتریـن ڕێـژەی بەکارهێنانـی مۆجـۆ جۆڕنـال لەلایـەن پێگـە و کەناڵـە ئاسـمانیە کوردییـەکان، لـە خشـتەی ژمـارە(٢) ئەنجامەکانـی تایبـەت بـە بەکارهێنانـی ئامێـری سـمارت فـۆن لـە بەرهەمهێنانـی ناوەڕۆکـی میدیاییـدا روون بووەتـەوە کـە پێگـەی ئەلکترۆنـی Zhyan بـە پلـەی یەکـەم دێـت کـە ناوەنـدی ژمێرییەکـەی (٥٨٪)، پاشـان پێگـەی ئەلکترۆنـی Esta بـە جیاوازییەکـی زۆر کـەم پێـش پێگـەی ئەلکترۆنـی Xandan کەوتـووە کـە ناوەنـدی ژمێرییەکـەی (٣٨٪) بەرامبـەر بـە (٣٦٪)، پاشـان هـەردوو کەناڵـی ئاسـمانی Rudaw و Gk بـە پلـەی چـوارەم و پێنجـەم دێـن بـە ناوەنـدی ژمێرەیـی (٣٤٪) بەرامبـەر بـە (٣٠٪). هەروەهـا بەپێـی تاقیکردنـەوەی ئاماریـی (کا٢) بـۆ دەرخسـتنی جیـاوزای نێـوان دامەزراوەکانـی میدیـا لـە هەرێمـی کوردسـتاندا سـەبارەت بـە بەکارهێنانـی ئامێـری سـمارت فـۆن بـۆ بەرهەمهێنانـی ناوەڕۆکـی میدیایـی، ئەنجامـی بەهـای کا٢ بریتیـە لـە (٧,٠٥٦) بـە ئاسـتی بەڵگـەداری (٠,٠٠٧) واتـە لـە ڕووی ئاماریـدا ئاسـتی جیـاوازی زۆر هەیـە لـە نێـوان دامەزراوەکانـی میدیـا لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە بەکارهێنانـی ئامێـری سـمارت فـۆن لـە بەرهەمهێنانـی ناوەڕۆکـی میدیاییـدا. ئـەم جیاوازییـەش بـە ڕوونـی دەرکەوتـووە کـە میدیاکارانـی پێگـە ئەلکترۆنییـەکان زیاتـر لـە کەناڵـە ئاسـمانییەکان ئامێـری سـمارت فـۆن بـەکار دەهێنـن .

٢) بەکارهێنانی سمارت فۆن لە خزمەتگوزارییەکانی کاری ڕۆژنامەگەریدا:

خشتەی ژمارە ٣ بەکارهێنانی سمارت فۆن لە خزمەتگوزارییەکانی کاری رۆژنامەگەریدا

| ریزبەندی | % | چەندبارە | خزمەتگوزارییەکان |
|---|---|---|---|
| ٣ | 55.8 | 24 | هەواڵ و زانیاری وەرگرتن |
| ١ | 67.4 | 29 | وێنەی فۆتۆ |
| ٢ | 65.1 | 28 | وێنەی ڤیدیۆ |
| ٨ | 18.6 | 8 | پەخشکردن |
| ٤ | 44.2 | 19 | چاوپێکەوتنی دەنگی |
| ٦ | 32.6 | 14 | چاوپێکەوتنی ڤیدۆیی |
| ٧ | 27.9 | 12 | سازاندنی هەواڵ(نووسین) |
| ٥ | 34.9 | 15 | بڵاوکردنەوەی بابەت |
| ١٠ | 4.7 | 2 | مۆنتاژ کردنی دەنگ |
| ١٠ | 4.7 | 2 | مۆنتاژ کردنی ڤیدیۆ |
| ٩ | 9.3 | 4 | فۆتۆشۆپ |

خشتەی ژمارە (٣)ی تایبەتە بەو خزمەتگوزارییە میدیایانەی کە میدیاکارانی دامەزراوەکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا لەرێگەی بەکارهێنانی سمارت فۆن کاری میدیای پێ رایی دەکەن، دەرکەوتووە میدیاکاران بە ئاستێکی بەرز ئامێری سمارت فۆن بۆ (٣) خزمەتگوزاری میدیایی بەکاردەهێنن، ئەوانەش بریتیە لە خزمەتگوزاری (وێنەگرتنی فۆتۆگرافی) بە رێژەی ٦٧,٤٪ لە پلەی یەکەمدا. پاشان بە رێژەی ٦٥,١٪ بۆ خزمەتگوزاری (وێنەی ڤیدیۆیی) لە پلەی دووەمدا، پاشان بە پلەی سێیەم بۆ مەبەستی (هەواڵ و زانیاری وەرگرتن) سمارت فۆن بەکاردەهێنن بەرێژەی ٥٥,٨٪. هەروەها بە ئاستێکی مام ناوەند سمارت بەکاردەهێنن بۆ (٤) خزمەتگوزاری دیکەی رۆژنامەگەری کە بریتین لە: هەریەك لە خزمەتگوزارییەکانی (چاوپێکەوتنی دەنگی) بە پلەی چوارەم بەرێژەی ٤٤,٢٪، پاشان خزمەتگوزاری (بڵاوکردنەوەی بابەتی رۆژنامەوانی) بە پلەی پێنجەم بەرێژەی ٣٤,٩٪، خزمەتگوزاری (چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی) بە پلەی شەشەم بەرێژەی٣٢,٦٪، خزمەتگوزاری (سازاندنی هەواڵ) بە پلەی حەوتەم بەرێژەی ٢٧,٩٪. پاشان خزمەتگوزارییەکانی (پەخشکردن، فۆتۆشۆپ، مۆنتاژکردنی دەنگی و وێنەیی) بە ئاستی نزم بەکاردەهێنرێن لە لایەن میدیاکارانەوە. لە ئەنجامی داتاکانی ئەم خشتەیە ئەوە روونەبێتەوە کە میدیاکارانی دامەزراوە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستاندا ئامێری سمارت فۆن لە کاری میدیاییدا بەکاردەهێنن بۆ ئەو خزمەتگوزارییە رۆژنامەوانییانەی کە پێداویستیەکی خێراو هەنووکەیی و پاشان سادە و ساکارە لە بەکارهێنانیدا، پاشان ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بە ئاستێکی نزم بەکار دەهێنرێن بریتین لەو خزمەتگوزاریی یە ئاڵۆزانەی کە زیاتر پێویستی بەکات هەیە لە ئامادەکردنی ناوەرۆکی میدیاییدا.

٣- بەکارهێنانی ئامێری سمارت فۆن لە رووی کاتەوە:

خشتەی ژمارە ٤ بەکارهێنانی سمارت فۆن لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندن بۆ یەکەمین جار

| دامەزراوەکان ساڵانی بەکارهێنان | GK | | Rudaw | | Xandan | | Esta | | Zhyan | | بەهای کا٢ | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | % | چەندبارە | % | چەندبارە | % | چەندبارە | % | چەندبارە | % | | |
| کەمتر لە ساڵێک | ٣ | ٣٠ | ٣ | ٣٠ | ٣ | ٣٠ | ١ | ١٠ | ٢ | ١٠ | ١٥,٧٢٤ | ٠,٤٧٢ |
| ١ساڵ بۆ ٢ ساڵ | ٤ | ٤٠ | ٢ | ٢٠ | ١ | ١٠ | ٢ | ٢٠ | ٣ | ٣٠ | | |
| ٣ ساڵ بۆ ٤ ساڵ | ٢ | ٢٠ | ٣ | ٣٠ | ٤ | ٤٠ | ٤ | ٤٠ | ٥ | ٥٠ | | |
| ٥ ساڵ زیاتر | ١ | ١٠ | ٢ | ٢٠ | ٢ | ٢٠ | ٣ | ٣٠ | ٠ | ٠ | | |
| کۆ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | ١٠ | ١٠٠ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | ٢,١ | | ٢,٤ | | ٢,٥ | | ٣,٣ | | ٢,٥ | | | |

خشتەی ژمارە (٤) تایبەت بە بەکارهێنانی مۆبۆجۆرناڵ لە لایەن دامەزراوەکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بەرێگەی هاوکێشەی ئاماریی (ناوەندی ژمێرەیی) بۆ دامەزراوەکان دەرکەوتووە، پێگەی ئەلکترۆنی Esta لە پێش هەموو دامەزراوەکانەوە بە پلەی یەکەم دێت کە ناوەندی ژمێرییەکەی بریتیە لە (٣,٣)، پاشان هەردوو پێگەی ئەلکترۆنی Xandan و Zhyan لە پلەی دووەم هاتوون کە ناوەندی ژمێرەییان بریتیە لە(٢,٥)، لە پلەی سێیەمشدا کەناڵی ئاسمانی Rudaw بە ناوەندی ژمێرەیی (٢,٤) هاتووە، لە کۆتا پلەشدا کەناڵ ئاسمانی GK بە ناوەندی ژمێرەیی (٢,١) هاتووە کە بۆ یەکەمین جار ئامێری سمارت فۆنی بەکارهێناوە لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیاییدا لە نێوان (١ساڵ بۆ ٢ساڵ) کەبەرزترین رێژەی بەدەستهێناوە ٤٠٪ . ئەم ئەنجامانە دووپاتکردنەوەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٣)یە کە پێگە ئەلکترۆنییەکان وەك ئامرازێکی نوێی میدیایی زیاتر هاوشانی تەکنەلۆجیای نوێی سمارت فۆن رێدەکەن بەبەراوورد لەگەڵ دامەزراوەی میدیایکلاسیکی وەك کەناڵە ئاسمانییەکان. هەروەها بەپێی تاقیکردنەوەی ئاماریی (کا٢) بۆ دەرخستنی جیاوازای نێوان دامەزراوەکانی میدیا سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامێری سمارت فۆن لە رووی کاتەوە، بەهای کا٢

بریتیە لە (١٥,٧٢٤) بە ئاستی بەڵگەداری (٠,٤٧٢) واتە لە رووی ئامارییدا ئاستی جیاوازی نیە لە نێوان دامەزراوەکانی میدیا لە مێژووی بەکارهێنانی ئامێری سمارت فۆن لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا.

٤- بەکارهێنانی مۆبۆ جۆرناڵ لە بوارەکانی هونەری رۆژنامەگەرییدا:

خشتەی ژمارە (٥) تایبەت بە بەکارهێنانی مۆبۆ جۆرناڵ لە بوارەکانی هونەری ڕۆژنامەگەرییدا

| دامەزراوەکان / ژانرەکان | Zhyan | | Esta | | Xendan | | Rudaw | | GK | | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هەواڵ | 7 | 70 | ٥ | ٥٠ | 6 | 60 | ٢ | ٢٠ | ٣ | ٣٠ | ٪٤٦ |
| بەرنامەی تەلەفزیۆنی | 1 | 10 | ٢ | ٢٠ | - | - | - | - | - | - | ٪٦ |
| ڕاپۆرتە هەواڵ | 3 | 30 | ٤ | ٤٠ | 5 | 50 | 1 | 10 | ٣ | ٣٠ | ٪٣٢ |
| لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی | 1 | 10 | ٢ | ٢٠ | 2 | 20 | - | - | - | - | ٪١٠ |
| چاوپێکەوتن | 5 | 50 | ٤ | ٤٠ | 4 | 40 | 2 | 20 | 3 | 30 | ٪٣٦ |
| گرافیك دیزاین | 1 | 10 | ٢ | ٢٠ | 2 | 20 | - | - | - | - | ٪١٠ |
| دۆکیۆمێنتاری | 1 | 10 | ١ | ١٠ | - | - | 3 | 30 | 1 | 10 | ٪١٢ |

بە خستنەڕووی داتاکانی خشتەی ژمارە (٥) تایبەت بە بەکارهێنانی مۆبۆ جۆرناڵ لە بوارەکانی هونەری ڕۆژنامەوانی کە دامەزراوەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بەرهەم هێنانی ناوەڕۆکی میدیایی بەکاریدەهێنن، دەرکەوتووە پێگە ئەلکترۆنییەکان زیاتر مۆبۆ جۆرناڵ بۆ تەواوی هونەرەکانی میدیایی بەکاردەهێنن بە بەراوورد لەگەڵ کەناڵە ئاسمانیەکاندا. بۆ نمونە: لە بەرهەمهێنانی (هەواڵدا) پێگەی ئەلکترۆنی Zhyan بە ڕێژەی ٧٠٪ مۆبۆ جۆرناڵ بەکاردەهێنێ پاشان پێگەی ئەلکترۆنی Xendan بە ڕێژەی ٦٠٪ و پێگەی ئەلکترۆنی Esta بە ڕێژەی ٥٠٪. پاشان لە بەرهەمهێنانی (دیمانەی تەلەفیزیۆنیدا) هیچ کام لە پێگەی ئەلکترۆنی Xendan و کەناڵە ئاسمانییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە مۆبۆ جۆرناڵیان بەکارنەهێناوە، بەڵام هەردوو پێگەی ئەلکترۆنی Esta بە ڕێژەی ٢٠٪ و Zhyan بە ڕێژەی ١٠٪ مۆبۆ جۆرناڵ بۆ بەرهەمهێنانی دیمانەی تەلەفیزیۆنیدا بەکارهێناوە. بۆ بەرهەمهێنانی (لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی) بەهەمان شێوە هیچ کام لە کەناڵە ئاسمانییەکان مۆبۆ جۆرناڵیان بەکار نەهێناوە، بەڵام هەردوو پێگەی ئەلکترۆنی Estaو Xendan بە ڕێژەی یەکسان ٢٠٪ مۆبۆ جۆرناڵیان بەکارهێناوەو پاشان پێگەی Zhyan بە ڕێژەی ١٠٪. بۆ بەرهەمهێنانی هونەری (چاوپێکەوتن) تەواوی دامەزراوەکانی میدیا مۆبۆ جۆرناڵیان بەکارهێناوە، بەپلەی یەکەم پێگەی Zhyan بە ڕێژەی ٥٠٪، پاشان هەردوو پێگەی Estaو Xendan بە ڕێژەی یەکسان ٤٠٪، پاشان کەناڵ GK بە ڕێژەی ٣٠٪ و کەناڵی Rudaw بە ڕێژەی ٢٠٪ مۆبۆ جۆرناڵیان بۆ چاوپێکەوتنی تەلەفیزیۆنی بەکارهێناوە. لە بەرهەمهێنانی (ڕاپۆرتە هەواڵدا) پێگەی ئەلکترۆنی Xendan بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٥٠٪ مۆبۆ جۆرناڵی بەکارهێناوە پاشان پێگەی Esta بە ڕێژەی ٤٠٪ و هەردوو کەناڵ و پێگەی Zhyan و GK بە ڕێژەی یەکسان ٣٠٪ بەکاریان هێناوە، پاشان لە دوا پلەدا کەناڵی Rudaw بە ڕێژەی ٢٠٪ مۆبۆ جۆرناڵ بەکاردەهێنێت لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵدا. ئەوەی تایبەتە بە بەرهەمهێنانی هونەری (گرافیك دیزاین) هیچ کام لە کەناڵە ئاسمانییەکان مۆبۆ جۆرناڵ بۆ ئەم هونەرە بەکارناهێنن، بەڵام هەردوو پێگەی Estaو Xendan بە ڕێژەی یەکسان ٢٠٪ و پێگەی Zhyan بە ڕێژەی ١٠٪ مۆبۆ جۆرناڵیان بۆ بەرهەمهێنانی گرافیك دیزاین بەکارهێناوە. لە کۆتاییدا بۆ بەرهەمهێنانی (فیلمی دیکۆمنتەری) کەناڵی ئاسمانی Rudaw بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٣٠٪ مۆبۆ جۆرناڵی بەکارهێناوە، پاشان هەر یەك لە پێگەکانی Esta و Zhyan و کەناڵی ئاسمانی GK بە ڕێژەی یەکسان ١٠٪ مۆبۆ جۆرناڵیان بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەکارهێناوەو پێگەی Xendan بەکاری نەهێناوە.

گرفتەکانی بەکارهێنانی مۆبۆ جۆڕناڵ لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا:

خشـتەی ژمـارە (٦) ئـەو گرفتانـەی دەبنـە ئاسـتەنگ لـە کاتـی بەکارهێنانـی مۆبـۆ جۆڕنـاڵ لـە بەرهەمهێنانـی ناوەرۆکـی میدیاییدا

| گرفتەکان | چەندبارەر | % |
|---|---|---|
| گرفتی تۆڕی ئەنتەرنێت | 25 | 55.8 |
| گرفتی مواسەفاتی مۆبایل | 11 | 25.6 |
| گرفتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان | 6 | 14.0 |
| گرفتی سیاسەتی کەناڵەکە | 9 | 20.9 |
| گرفتی سانسۆر(لایەنی ئاسایش) | 18 | 41.9 |
| گرفتی کەم شارەزایی ڕۆژنامەوان | 11 | 25.6 |
| گرفتی مەیدانی (ڕووماڵ کردن) | 4 | 9.3 |
| کۆی پرسیارلێکراو | ٥٠ | |

کۆتـا خشـتەی توێژینـەوە ژمـارە (٦) تایبەتـە بـەو گرفتانـەی کـە دەبنـە ئاسـتەنگ بـۆ میدیـاکاران لـە کاتـی بەکارهێنانـی مۆجـۆ جۆڕنـاڵ لـە بەرهـەم هێنانـی ناوەرۆکـی میدیاییـدا، دەرکەوتـووە کـە (گرفتـی تـۆڕی ئەنتەرنێـت) یەکەمیـن گرفتـی میدیاکارانـە لـە بەکارهێنانـی مۆبـۆ جۆڕناڵـدا بـە ڕێـژەی ٥٥,٨٪، پاشـان (گرفتـی سانسـۆری لایەنـی ئەمنـی) بـە پلـەی دووەم دێـت بـە ڕێـژەی ٤١,٩٪، لـە پلـەی سـێیەمدا هـەردوو گرفتـی (مواسـەفاتی مۆبایـل و کـەم شـارەزایی خـودی میدیـاکار) بـە ڕێـژەی یەکسـان ٢٥,٦٪ بۆچونـی میدیـاکاران لـەو گرفتانـەی دەبنـە ئاسـتەم لـە بـەردەم بەکارهێنانـی مۆبـۆ جۆڕنـاڵ، لـە پلـەی چوارەمیشـدا گرفتـی (سیاسـەتی کەناڵەکـە) بـە ڕێـژەی ٢٠,٩٪ هاتـووە. پاشـان گرفتـی (ئامرازەکانـی بەرهەمهێنانـی مۆبـۆ جۆڕنـاڵ) بـە ڕێـژەی ١٤٪ و کۆتـا گرفتـی میدیـاکاران بریتـی یـە لـە گرفتـی (مەیدانـی لـە کاتـی ڕوماڵکردنـدا) بـە ڕێـژەی ٩,٣٪ هاتـووە.

## دەرەنجامەکانی توێژینەوە:

١- ئامانجـی سـەرەکی ئـەم توێژینەوەیـە کـە خـۆی لـە ناسـاندنی زانینـی ئاسـتی بەکارهێنانـی ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل (MOJO) لەلایـەن میدیـاکاران و دامـەزراوە میدیاییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان دەبینێتـەوە لـە بەرهـەم هێنانـی ناوەڕۆکـی میدیاییـدا، لـە ئەنجامـی داتـاکان دەرکـەوت، پێگـە ئەلکترۆنیەکانـی دیجیتـاڵ میدیـا بـە بـەراوورد بـە کەناڵـە ئاسـمانییەکان بـە ڕێژەیەکـی بەرزتـر مۆبۆجۆڕنـاڵ بەکاردەهێنـن لـە بەرهەمهێنانـی ناوەرۆکـی میدیاییـدا، لـە پلـەی یەکـەم پێگـەی ئەلکترۆنـیZhyan ٥٨٪، پاشـان پێگـەیEsta ٣٨٪ بـە پلـەی دووەم، پێگـەی Xandan ٣٦٪ لـە پلـەی سـێیەم، هـەردوو کەناڵـی ئاسـمانی Rudaw ٣٤٪ و GK ٣٠٪ بـەدوای یـەک لـە پلـەی چـوارەم و پێنجەمـدا.

٢- زۆربـەی میدیـاکاران لـە دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بـە پلـەی یەکـەم خزمەتگـوزاری (وێنـەی فۆتـۆ) بەکاردەهێنـن لـە سـمارت فۆنـدا بەمەبەسـتی بەرهەمهێنانـی ناوەرۆکـی میدیایـی بـە ڕێـژەی ٦٧,٤٪، پاشـان (وێنـەی ڤیدیـۆ) لـە پلـەی دووەم بـە ڕێـژەی ٦٥,١٪، پاشـان خزمەتگـوزاری (هـەواڵ و زانیـاری وەرگرتـن) لـە پلـەی چـوارەم بەرێـژەی ٥٥,٨٪ و خزمەتگوزاری (چاوپێکەوتنـی دەنگی لـە پلـەی چـوارەم بـە ڕێـژەی ٤٤,٢٪.

٣- زۆربـەی میدیـاکاران لـە دامەزراوەکانـی ڕاگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا ڕۆژنامەگـەری مۆبایـل بەکاردەهێنـن بەمەبەسـتی بەرهەمهێنانـی (هـەواڵ) بەرێـژەی ٤٦٪ بـە پلـەی یەکـەم، پاشـان بـۆ بەرهەمهێنانـی (چاوپێکەوتـن) بـە ڕێـژەی ٣٦٪ لـە پلـەی دووەمـدا، پاشـان هونـەری (ڕاپۆرتـی ڕۆژنامەوانـی) بـە ڕێـژی ٣٢٪ لـە پلـەی سـێیەمدا. بـەڵام

هونەرەکانی (فیلمی دیکۆمێنتەری، گرافیك دیزاین، بەرنامەی تەلەفیزیۆنی) بە رێژەیەکی کەم بەرهەم دەهێنرێن لە لایەن میدیاکارانەوە بەرێگەی رۆژنامەگەری مۆبایل.

٤- زۆربەی میدیاکاران بۆچونیان وایە ٥٥,٨٪ ی ئەو گرفتانەی بوون بە ئاستەنگ لەبەردەم بەکارهێنانی رۆژنامەگەری مۆبایل لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیاییدا بریتیە لە (گرفتی تۆرەکانی ئینتەرنێت) پاشان بە پلەی دووەم گرفتی (سانسۆری ئەمنی دەزگاکانی ناوخۆ) بە رێژەی ٤٢٪، پاشان هەردوو گرفتی (کەم شارەزایی خودی میدیاکاران و گرفتی مواسەفاتی مۆبایل) بە رێژەیەکی یەکسان ٢٥,٦٪ لە پلەی سێیەم و چوارەمدا گرفتی بەردەم میدیاکاران لە بەکارهێنانی رۆژنامەگەری مۆبایل لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیاییدا. هەردوو گرفتی (سیاسەتی کەناڵ و گرفتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان) بەلای رۆژنامەنووسانەوە گرفتێکی ئەوتۆ نین.

راسپاردەکانی توێژینەوە:

لە سۆنگەی ئەو دەرەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتوون بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی ئەم توێژینەوە مەیدانیە، کۆمەڵێ راسپاردەی زانستی پێشکەش بە توێژەران و خاوەندارێتی دامەزراوەکانی راگەیاندن دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بارەی رۆژنامەگەری مۆبایل وەك سەرەتایەك لە دەرکەوتنی رۆژنامەگەری زیرەکدا.

٢- سەرلەنوێ دارشتنەوەی ستراتیجی میدیایی دامەزراوەکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا کە پشت بە تەکنیك و تەکنەلۆژیای نوێ ببەستێت بەتایبەتی هاندانی میدیاکاران لە بەکارهێنانی مۆبۆ جۆرناڵدا.

٣- خول و مەشق و راهێنانی بەردەوام بکرێت بە میدیاکاران لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا، لەسەر کارامەیی و کارزانی چۆنییەتی بەکارهێنانی رۆژنامەگەری مۆبایل و سوودوەرگرتن لە ئاپڵیکەیشنەکانی لە پێناو بەرەوپێشچوونی پیشەی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا.

## ملخص البحث


يتناول هذا البحث دراسة التحولات التي أحدثها تكنولوجيا الاتصال باستخدام الهاتف الذكي في إنتاج المحتوى الإعلامي لدى المؤسسات الإعلامية في اقليم كوردستان- العراق. حيث تهدف الدراسة إلى التعرف مدى استخدام الصحفيين والاعلاميين في المؤسسات الإعلامية الكوردية صحافة الهاتف المحمول (MOJO) كأولى مراحل الصحافة الذكية في إنتاج المحتوى الإعلامي. واعتمدت الدراسة على المنهج الوصفي، باستخدام أداة صحيفة الاستقصاء لجمع البيانات وتحليلها، وشكلت كل من الصحفيين والإعلاميين المؤسسات الإعلامية GK و Rudaw و Zhyan و Xendan و Esta عينة للدراسة. وتوصلت الدراسة إلى أن غالبية مستخدمي صحافة الهاتف المحمول هم من صحفي المواقع الخبرية الالكترونية مقارنة مع صحفي القنوات الفضائية،كما يستخدم أغلبية الصحفيين و الإعلاميين في المؤسسات الإعلامية الكوردية صحافة الهاتف المحمول لغرض انتاج الخبر في المرتبة الأولى، ثم إنتاج المقابلة في المرتبة الثانية، وحظيت انتاج التقرير الصحفي في المرتبة الثالثة.



الكلمات المفتاحية: صحافة المحمول، الهاتف الذكي، المحتوى الإعلامي، الاعلام التقليدي، الاعلام الالكتروني.


Abstract

This research deals with the study of the transformations brought about by communication technology using the smartphone in the production of media content for media institutions in the Kurdistan Region - Iraq. Where the study aims to identify the extent to which journalists and media professionals in Kurdish media institutions use mobile phone journalism (MOJO) as the first stage of smart journalism in the production of media content. The study relied on the descriptive approach, using the newspaper survey tool to collect and analyze data, and journalists and media professionals GK, Rudaw, Zhyan, Xendan and Esta constituted a sample for the study. The study found that the majority of mobile phone press users are from the news websites journalist compared to the satellite channel journalist, and the majority of journalists and media professionals in the Kurdish media institutions use mobile phone press for the purpose of producing the news in the first place, then the production of the interview in the second place. The press report ranked third.

key words: mobile journalism,smartphone, media content, traditional media, Electronic Media

## سەرچاوەکانی توێژینەوە:

یەکەم: توێژینەوە بڵاونەکراوەکان:

١- ساند سعيد محمد رضوان، اعتماد الشباب الفلسطيني على صحافة الهاتف المحمول كمصدر للأخبار وقت الأزمات، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الأسلامية- غزة، كلية الآداب، ٢٠١٦.

٢- سناء يوسف محمد، صحافة المحمول وانعكاساتها على الممارسة الإعلامية (دراسة على عينة من الإعلاميين العرب بدولة الإمارت العربية المتحدة، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية علوم الاتصال، قسم الصحافة والنشر، (٢٠١٨).

٣- عبير الرحباني، استخدامات صحافة الموبايل وانعكاساته على الصحف الورقية اليومية في الأردن، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة الزعيم الأزهري الحكومية، الخرطوم، ٢٠١٦.

دووەم: توێژینەوە بڵاوکراوەکان:

٤- ديانا لاريا، منتصر مرعي، دليل صحافة الهاتف المحمول، مركز الجزيرة الإعلامي للتدريب والتطوير، https://institute.aljazeera.net،٢٠١٧.

٥- سعد محمد .اثر استخدام تقنية المعلومات في تطور الصحفي تطبيقاً على الهواتف الذكية، https://elsirsaad.wordpress.com،٢٠١٤.

٦- عبوب محمد الأمين، استخدامات تطبيقات البث المباشر عبر المحمول وتأثيراتها على الآداء الاعلامي للمؤسسات السمعية البصرية -تطبيق بيريسكوب نموذجا، الملتقى الوطني (صحافة الموبايل، أدوات بسيطة تدخلك عالم الصحافة) جامعة محمد خضير، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية،٢٠١٨.

سێیەم: کتێب:

٧- أللبان، عطية، مقدمة في مناهج البحث الإعلامي، اصدارات الدرار العربية للتعليم المفتوح، القاهرة: الدار العربية للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٨. ٨- فتحي شمس الدين، إعلام الهاتف المحمول، (القاهرة: دار النهضة العربية

للنـشر والتوزيـع)، ط١، ٢٠١٨..

٩- شـيماء ذو الفقـار زغيـب، مناهـج البحـث والاسـتخدامات الإحصائيـة في الدراسـات الإعلاميـة، القاهـرة: الـدرار المصريـة اللبنانيـة، ط١، ٢٠٠٩.

١٠- محمد عبدالحميد، البحث العلمي في الدراسات الإعلامية، القاهرة، عالم الكتب، ط١، ٢٠٠٠.

چوارەم: سایتی ئەلیکترۆنی:

١١- أحمـد العطـار، إلى الصحفيـين.. كل مـا تحتاجونـه للخـروج إلى الجمهـور في بـث مبـاشر، https://ijnet.org/ar/story، ٢٠٢١.

١٢- أحمـد العطـار، لصحفيـي الموبايـل، كيـف تؤسسـون إسـتديو متنقـلاً داخـل حقيبتكـم؟، شـبكة الصحفيـين الدوليـين، ٢٠١٩ https://ijnet.org/ar/story

١٣- إسـماعيل عـزام ، تطبيقـات عـلى الهواتـف الذكيـة مفيـدة للمصحفيـين، معهـد الجزيـرة للإعـلام، https://institute.aljazeera.netr، ٢٠١٦.

١٤- بـێ نووسـەر، أفضـل ١٠ تطبيقـات اندرويـد للعاملـين بمجـال الكتابـة والتحريـر، https://www.alarabiya.net/technology. ٢٠١٩.

## پێنجەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:

15- Adrian Hadland, Eddy Borges-Rey, Jackie Cameron ,Mobile phones and the news: How UK mainstream news broadcasting is stalling the video revolution, (Uk: sagepub, 2017)

16- Glen Mulcanhy, The Ultimate iOS Mojo App list, https://www.thinglink.com,2016.

17- Ivo Burum and Stephen Quinn, Mojo: The mobile journalism Hand BOOK( new york: focal press, first edition,2016, P12.

18-Judd Slivka, We Should Probably Define Mobile Journalism First, American Journalism Review, March 13, 2014, On the website: https://ajr.org/201413/03//probably-define-mobile-journalism-first/.

19-Richardson, Allissa, Mobile Journalism: A Model for the Future-Diverse Issues in Higher Education. Washington: Cox, Matthews and Associates, Inc ,(2012).

20- Rima Marrouch،How Mobil Phones Are Changing Journalism Practice in The 21st Century, Reuters Institute for the Study of Journalism, 2014, https://reutersinstitute.politics.ox.ac.uk/risj-review.